


# ئومەییەی کوڕی باوکی سەڵەت

لەهەموو حەنەفییەکان باشترین بەختی هەبووە لەباسکردنیداو زۆربەی شیعرەکانیشی ماون، هەر ئەمەش وایکرد بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە, تەنانەت لە دوای دەرکەوتنی ئیسلامیش و گونجاندنی شیعرەکانی لەگەڵ رۆحی ئیسلامدا موسڵمان نەبوو، رازیش نەبوو ببێتە موسڵمان, چونکە خۆی لە محمد کوڕی عەبدوڵڵا بەهەقتر دەزانی ببێتە پەیامبەر. کاتێ شەڕی بەدر روویداوە بۆ کوژرانی کافرەکان گریاوە. پێش ئەوەی هۆزەکەی (ثقفي) ببنە موسڵمان لەساڵی نۆی کۆچیدا لەشاری تائیف مردووە. دەڵێن لەو دوو دێڕی ئەو قەصیدەیەی کەبۆ کوژراوە کافرەکانی نوسیبوو تێیدا هەجووی صەحابەکانو پەیامبەری کردبوو. لەبەر ئەم هۆیە (ابن هشام) لەسیرەکەیدا ئەم زاتەی پشتگوێ خستووەو لەو بارەیەوە شتی لەسەر نەنوسیوە. باسیش لەوە دەکەن کەپەیامبەر نەهی لەباسکردنی ئەو قەسیدەیە کردووە.

ئومەییە وەك حەنەفییەکانی دیکە لەسەردەمی دەسەڵاتی رۆمدا بەهۆی کاری بازرگانییەوە لەگەڵ بازرگانەکانی دیکەدا سەفەری شامی کردووەو پەیوەندی بەئەهلی کتابەوە (یەهودیو مەسیحی) کردووەو چووەتە شوێنگەیانو چاوی




بەپیاوانی ئایینەوە کردووەو لەسەر کێشەو گرفتو ئەو بابەتانەی بەلایەوە گرنگ بوون پرسیاری کردووە.

جگە لەمەش خوێنەرو نووسەر بووە, کتێبی زۆری خوێندووەتەوەو لەسەر هەندێك بابەت هەڵوێستی وەرگرتووە, لەمەشەوە گومانی لەو پەرستشانە پەیدا کردووە کەلەلایەن هۆزەکەیەوە دەپەرستران‌و بیرۆکەی ئاینێکی یەکانەیی لەلا گەلاڵە بووە. ئەم کاریگەریەش بەروونی بەوشەو زاراوە عەجەمییەکانییەوە دیارە کەلەشیعرەکانیدا نوسیونی‌و بەکاری هێناون.

دەتوانین باوەڕو بۆچوونی ئەم شاعیرە لە ڕێی شیعرەکانیەوە کورت بکرێتەوە بۆ ئەوەی کە باوەڕی بەیەك خوا هەبووە، ئەو خوایە گەردوونی دروست کردەوو پێکیهێناوەو ڕاستی کردووەتەوە، شاخەکانی لەسەر زەوی داکوتیوە، ڕووەکی تێدا ڕواندووە، دروست دەکاو دەمرێنی‌و دوایش زیندوویان دەکاتەوەو خەڵکی لەسەر کارو کردەوەکانیان دادگایی دەکات, گرووپێك بەرەو بەهەشت‌و گرووپێك بەرەو دۆزەخ ڕەوانە دەکات، تاوانباران بە ڕوتوقوتی بە کۆت‌و زنجیری درێژو شۆڕەوە بەرەو شوێنێکی کپکراوو دامرکاو دەیانباو دواتر فڕێیان دەداتە ئاگرەوە، بەبێ ئەوەی گیان لە دەست بدەن بە بەردەوامی‌و بە زیندوێتی ئەشکەنجە دەدرێن, نامرن چونکە بە مردن لە ئەشکەنجە ڕزگاریان دەبێت, لەبەر

ئەوە خوا کۆتایی بەو بڕیارەی هێناوە کە بە نەمری هەتا هەتایی دەبێ لە دۆزەخدا بن, بەڵام خواپەرستان لە شوێنێکی ئارامو خۆشدان، لە ژێر سێبەری درەختەکاندا ئارەزووی چی بکەن دەستەبەری دەکەن.

وسيق المجرمون وهم عراة .. .. .. الى ذات المقامع والنكال

جهنم التي لا تبقى بغيا .. .. .. .. وعدن لا يطالعها رجيم[1]

دەگێڕنەوە پەیامبەر گوێی لەشیعرەکانی ئومەییە گرتووەو لە یەکێك لە سەفەرەکان (الشريد بن سويد) شیعری ئەم شاعیرەی بۆ خوێندۆتەوە، هەرکات شیعرەکەی تەواوکردبێت پەیامبەر داوای زیاتری کردووە تا گەیشتۆتە (100) شیعر، پەیامبەر بە شیعرخوان دەڵێ: هیچی وای نەمابوو ئومەییە ببێتە موسڵمان. هەروەها دەگێڕنەوە کە پەیامبەر لەیەکێك لە فەرموودەکانیدا وتویەتی: ئومەییەبە زمان باوەڕی هێناوەو بەدڵ کفری کردووە.

بەڵام ئەوەی جێی مەبەستو ئاشکرابێت ئەوەیە کەلەشیعری ژمارەیەکی تەواو زۆر لە شاعیرە جاهیلییەکان بە یەکانیەی خواو مەلائیکەو رۆژی پرسینەوەو تۆڵەو پاداشت بەئاگابوون, ئاگادار نین کەئەم شاعیرانە یەهوودی بوون یاخود نەصرانی بوون, لەمەشەوە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کەبەشێکی زۆر

[1] تاريخ العرب قبل الاسلام، المجلد الخامس، ص 377 وما بعدها (مصدر سابق)




لەعەرەبی جاهلی بەهۆی حەزو ئارەزووویانەوە بۆ شیعرو لەبەرکردنی شیعرەکان بەئاگا بوون لەسەر یەکانەیی خوا ئەگەرچی باوەڕیشیان پێی نەبووە..!!

چەند شاعیرێکی جاهیلی کەسەر بەئایینی یەهودیو نەصرانی بوون بۆ خواو پەرستنی یەك خوای ئاسمان کە هەموو کارێکی بەدەستە شیعریان نوسیوە.

رەنگە جێی خۆی بێت وەك سوود وەرگرتنێك ئاماژە بە(د. طه حسین) بکەین کەلەکتێبەکەیدا (فی الشعر الجاهلی) کە تێیدا لە بارودۆخی فکریو کۆمەلایەتیو سەردەمی جاهلی دەکۆڵێتەوە لێرەدا ئەم کورتەیە دەنوسین:

(لە راستیدا هەندێك لە یەهودییەکان بوونە عەرەبو زۆرێکیش لە عەرەب بوونە یەهودی، هیچ گومانێکیش لەوەدا نیە کە تێکەڵبوون لە نێوان یەهود لە لایەکەوەو لە نێوان هەردوو هۆزە گەورەکەی مەدینە ئەوسو خەزرەج لەلایەکی دیکەوە وای کرد ئەم دوو هۆزە ئامادە بکات بە ئایینێکی نوێ رازی ببنو پشتگیری خاوەنەکەی بکەن. ئەمە حاڵی یەهود، بەڵام بۆ نەصرانیەکان ئەوە دەتوانین بڵێن کە ئاینەکەیان بە بەربڵاویو بە خێرایی لە هەندێك ولاتانی عەرەب بڵاو بووەوە تەنانەت (شام)یش کە غەسسانیەکان لەوکاتەدا لەژێر دەسەڵاتی رۆمەکاندا بوون، لە لاشەوە عێراق کە (المناذرة) کان لەژێر دەسەڵاتی فارسەکاندا بوون، هەروەها لە(نجران) لەوڵاتی یەمەن پەیوەندییان بەحەبەشەوە




هەبوو کە نەصرانی بوون. بەم شێوەیە وەك یەهودیەت نەصرانیەتیش چووە ناو ولاتە عەرەبییەکانەوە. گەورەترین بۆچونیش ئەوەیە ئەگەر ئیسلام دەرنەکەوتایە ئەوە عەرەب لە رووی ئایینەوە بەبڵاوبوونەوەی یەکێك لەم دوو ئایینە کۆتایی پێدهات. بەڵام نەتەوەی عەرەب خواستو کردارو رەوشتی تایبەتی خۆی هەیەو ئەمەش وای کرد کە لەگەڵ ئەم دوو ئایینەدا نەیەتەوەو شوێنکەوتەی ئاینێکی نوێ ببێت کە بەراستی لەگەڵ سروشتو ئاکاری نەتەوەی عەرەبدا یەکانگیر ببێتەوە). لێرەدا قسەکانی د. طە حسین تەواو بوو ص87-88